# ئەو کۆمارە بە بڕیاری خەڵک هەڵنەوەشاوەتەوە و شەرعیەتی ئەو بڕیارە لەجێی خۆیەتی

## وتاری ڕێزدار حسەین یەزدانپەنا لە ڕێوڕەسمی ٦٤ هەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی دەوڵەتی جمهوریی کوردستان

خوشک و برایانی خۆشەویست!

تێکۆشەرانی ژن و پیاوی ریزەکانی پارتی ئازادیی کوردستان!

ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر گەورەیە لە مێژووی نەتەوەکەماندا؛ ڕۆژێک کە پێویستە تاک بەتاکی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و لە هەر کوێیەک کە هەن شانازی پێوەبکەن و هەستی باوەڕ بەخۆبوون لای خۆیان دەمەزرد بکەنەوە. ئەمڕۆ ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان ڕۆژی بەدەوڵەت بوونی کوردە. ڕاست ٦٤ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی ئاوادا و بە کەشو هەوایەکی ئاوا ساوەوە پاش ماوەیەک زەمینە و بوار بۆ خۆشکردن، نەتەوەکەمان بە ڕێبەرایەتیی پێشەوای نەمر لە مەیدانی چوارچرای شاری مهاباد لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا بڕیاریاندا بە دامەزراندنی دەوڵەتی جمهوری کوردستان.

دەوڵەتی جمهوریی کوردستان شتێکی کتوپڕ نەبوو، بەری دەیان ساڵ خەباتی پڕ قوربانی و پڕ هەوراز و نشێوی نەتەوەی کورد بوو. کۆماری کوردستان بەرهەمی خەبات و گیانبازی و قارەمانەتی و بیری میر بەدرخانی بۆتان و شێخ عوبەیدوڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلام بارزانی و سەید ڕەزا و سمایل ئاغای سمکۆ و ئێحسان نووری پاشا و شێخ مەحموودی نەمر بوو. بەری بیرو فکری فەیلەسووفی گەورەی کورد خانیی بوو. بەری خەبات و قوربانیدانی رۆڵەکانی نەتەوەیەک بوو کە هەرگیز سەریان بۆ داگیرکەران و دابەشکەرانی نیشتیمان دانەنەواند و لە هەر پارچەیەکی کوردستان بەهەر شێوەیەک کە پێیانکرا بەرانبەر ئەو غەدرەی مێژوو لێی کردبوون ڕاوەستان و بە خەبات و قوربانیدان ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان پاراستبوو. هەروەها کۆمار بەرهەمی بیری گەورە سەرکردەیەکی وەکوو پێشەوا قازی محەممەد بوو کە ئەو دەرفەتەی هەڵکەوتبوو، وەها قۆستیەوە کە بۆ هەمیشە کورد شانازیی پێوەبکا و بە زیندوویی بیهێڵێتەوە. هەر لەو کاتەشدا بەرهەمی ئیرادە و ویستی ڕەوای نەتەوەیەک بوو کە دەیویست وەکوو گەلانی بەختەوەری دنیا بە ئازادیی و سەربەخۆیی بژی.

بە دامەزرانی کۆماری کوردستان نەتەوەی کورد لە بەشێک لە نیشتمانەکەیدا رزگار بوو و داگیرکەری وەدەرنا و لە هەموو گرینگتر خۆی لە دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران جیاکردەوە. کۆمار ئەرتەشی پێشمەرگەی دامەزراند، لە ماوەیەکی ١١ مانگیدا کە بۆ ژیانی نەتەوەیەک یەکجار کەمە، هەنگاو و قەڵەمبازی گەورەی هاویشت، زبانی دایکیمان کرایە رەسمی، خوێندن ڕمێنی پێدرا، هونەر و شێعر و ئەدبیات و شانۆ و سینەمای کوردی لە ماوەی ئەو ١١ مانگەدا دەوری خۆیان گێڕا، ئەو چین و توێژانەی کە تا پێش کۆماری کوردستان دەرفەتی هاتنە مەیدانیان پێ نەدرابوو هاتنە مەیدان و وەکوو بەشێک لە کۆمەڵگای گشتیی کوردەواریی تواناکانی خۆیان بۆ سەرکەوتن و بۆ پێشکەوتنی کوردستان تەرخان کرد.

بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان ناکۆکی و چەن بەرەکی نێوان ریزەکانی کورد کۆتایی هات، لەو هەرێمەی کە کۆماری لێ دامەزرابوو، ئاشتی و خۆشەویستی و یەکترویستن گەڕایەوە نێو کۆمەڵی کوردەواریی و شەڕ و ناکۆکییەک کە دوژمن هەوڵی دەدا پەرەی پێبدا و ئەو تۆوەی کە لە نێو خەڵکدا چێنرابوو بۆ ناکۆکی و دووبەرەکی، کۆتایی پێ هێندرا. بە دامەزرانی کۆمار، کورد نەک هەر هەستی بە ئازادی کرد، بەڵکوو هەستی بە هەبوونی خۆی کرد، هەستی بە سەربەرزیی و سەروەریی خۆی کرد. بەهەق دامەزرانی کۆمار گیانێکی تازەی کردەوە بە بەر نەتەوەی کورددا.

خوشک و برایانی ئازیز!

لە پاش کۆتاییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی تەرتیباتێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست درا کە نەتەوەی کوردی خستە زیندانێکی قایمەوە؛



بزووتنەوە و ڕاپەڕینی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی بە خوێناویترین شێوە سەرکوت کرابوو، ڕێبەرانی کورد لەسێدارە درابوون، ڕێکەوتننامەیەک بەناوی ڕێکەوتننامەی «سەعدئاباد» لە تاران ئیمزا کرابوو کە سەنەدی هاوپەیمانییەتی و هاوکاریی نێوان دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و دەوڵەتی ئینگلستان بوو بۆ بەستنەوەی گەلی کورد، بۆ لە زیندان هێشتنەوەی گەلی کورد و بۆ ئەوەی سەروەت و سامانی کورد بدزرێ و بەتاڵان ببردرێ. پەیماننامەیەک ئیمزا کرابوو کە بە میلیارد پارەی تێچووبوو، ئەرتەشی پڕ زەبروزەنگی بۆ ڕێکخرابوو، دەوڵەت و زیندان و هەموو ئامرازەکانی سەرکوت و داگیرکەری بۆ پێکەوەنرابوو. بەڵام، کۆماری کوردستان تەواویی ئەو تەرتیباتەی هەڵوەشاندەوە و نەخشەی داگیرکەرانی بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد پووچەڵکردەوە و بەفیڕۆیدان و دەریخست: نەتەوەی کورد ئەگەر لە ژێر هێرش و زەبروزەنگ و سەرکوتدا بشکێت بەڵام کۆڵ نادا و لە هەر دەرفەتێک کە بۆی بڕەخسێ جارێکی دیکە هەڵدەستێتەوە و ئاڵای خۆی هەڵدەکاتەوە. کۆمار بەڵگەی ئەو کۆڵنەدانەی نەتەوەی کورد بوو، بۆیە پایتەختی کۆمار بووە مەڵبەندی پشت بەپشت یەکەوەنانی کورد، بووە مەڵبەندی قۆڵ لەقۆڵ یەک کردنی سەرکردە و تێکۆشەرەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان. هەر بۆیە بەهەڵکەوت نەبوو کە سەرکردەی شۆڕشی بارزان و هێزەکانی بارزانیی نەمر لەو کۆمارەدا بەفەرمی پێشوازییان لێکرا و بارزانی فەرماندەیی هێزی رزگاریی گەلی کوردی وەئەستۆ گرت. تێکۆشەرانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە دەستی هاوکارییان لەگەڵ پێشەوا نا و خۆیان بۆ کۆمار تەرخانکرد. ئەوە بە بەر چاوی چوار دەوڵەتی ناوچەکەوە بوو، بەبێ پرینگانەوە، بەبێ ترس و بەبێ سڵەمینەوە لەوەی کە ئەو دەوڵەتانە فشار بخەنە سەر پێشەوا و کۆماری کوردستان.

هەر وەکوو عەرزم کردن، ١١ مانگ بۆ ژیانی نەتەوەیەک یەکجار کەمە، بەڵام لەو ١١ مانگەدا کاری ئەوەندە کرا کە دوای ڕووخانی کۆماریش لە هەموو بزووتنەوەکانی کورددا لە هەموو پارچەکانی و ئێستاش لە باشووری کوردستان دا کە حکومەت و پارلەمانی هەیە، بەشێکی زۆر لە ڕەمز و هێماکانی کۆمار زیندوون؛ لەوانە ئاڵای کوردستان، ناو و هێزی پیرۆزی پێشمەرگە، سروودی نەتەوایەتیمان، سروودی «ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان، نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان».

خوشک وبرایانی بەڕێز!

پارتی ئازادیی کوردستان نەک هەر ٢ی ڕێبەندان و دامەزراندنی کۆمارەکەمان بەرز و پیرۆز رادەگرێ، بەڵکوو هێندێک خوێندنەوەی تایبەتی بۆ ئەو کۆمارە هەیە، کە لە لایەکەوە بەرپەرچی سیاسەت و بانگەشەی دوژمنەکانمان دەداتەوە و لە لایەکیشەوە نادروستیی هێندێک خوێندنەوەی نێو بزووتنەوەی کورد دەسەلمێنێ. دوژمنەکانمان فێربوون حەول بدەن سەرکردەکانمان سووک بکەن، بوختان و درۆیان بۆ هەڵبەستن. ئەگەر جەستەیان پێ تێرۆر کرا باشە، دەنا حەولدەدەن کەسایەتییان تیرۆر بکەن. هەروەها حەول دەدەن خەباتمان، تێکۆشانمان و دەسکەوتەکانمان بە کاری بێگانە و بە دەسکردی بێگانە دابنێن. خوێندنەوەی دوژمنانی کورد بۆ کۆمار ئەوە بووە و ئێستاش درێژەی هەیە کە کۆمار بە دەسکردی یەکێتیی سۆڤیەت دامەزراوە و ئەو کۆمارە ویستی خەڵک نەبووە و لە دەرەوەڕا ڕێکخراوە. ئەمە درۆیەکی زۆر ڕوونە. لەبەر ئەوەی کە کۆماری کوردستان بڕیارێکی کتوپڕ نەبوو. پێش کۆماری کوردستان هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٢٠ ساڵ نەتەوەی کورد بە ڕێبەرایەتیی سمکۆی نەمر لە شەڕێکی خوێناویدا بوو لەگەڵ دەوڵەتی ڕەزاشا بۆ سەربەخۆیی. لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، کورد میر و میرنشینیی هەبوو، شۆڕشی گەورەی هەبووە، شۆڕشی گەورەی هەبووە بۆ سەربەخۆیی وەکوو شۆڕشی بەدرخان، وەکوو شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری، وەکوو شۆڕشی ئێحسان نووری پاشا کە کۆماری ئاراراتیان لە شاخەکانی ئارارات دامەزراندبوو. کاتێک کە دەگەڕێینەوە بۆ نووسراوەکانی ئەو دەم و وتەکانی جەنابی پێشەوا، دەردەکەوێ کە پێشەوا بە پشت بەستن بەو ڕابردووە ئەو بڕیارەی داوە و شارەزا و ئاگادار بووە لەو ڕابردووە؛ بەردەوام باسی لە خەباتی کورد کردووە، بەردەوام باسی لە ئەزموونەکانی ڕابردووی کورد کردووە، بەردەوام باسی لە سەرکردە نەمرەکانی کورد کردووە. بۆیە کۆمار ڕووداوێک نەبووە کتوپڕ لە لایەکەوە قورمیش کرابێ و دامەزرابێ، بەڵکوو هەڵقوڵاوی ئیرادەی گەلی کوردبوو. لەلایەکی دیکەوە درێژەدانی ڕێگای پێشەوا و کۆمار، بەردەوامیی خەباتی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانیدا، شەکانەوەی ئاڵای کۆمار، زیندوومانەوەی سروودی ئەی ڕەقیب، مانەوەی پێشمەرگە، هەموو ئەوانە دەیسەلمێنن کە کۆماری کوردستان ڕیشەی لە هەناوی کۆمەڵی کوردەواریی و لە بیر و هەستی مرۆڤی کورددا بووە و ئەم کۆبوونەوەیەی ئێمەش بۆ ڕێزگرتن لە دامەزراندنی کۆمار دەیسەلمێنێ کە کۆمار چەندە هەڵقوڵاوی کۆمەڵی کوردەواریی و هەست و بیری ڕەسەنی ئەم میللەتە بووە. پێشەوا قازی محەممەد سەربەخۆیی کۆمار و بڕیاری کوردی نەک تەنیا بەرانبەر تاران پاراست، بەڵکوو ئەوە خاڵێکی گرینگە کە سەرنجی بدەن، پێشەوا کۆماری کوردستانی بەرانبەر سیاسەتی ئەو دەمی یەکێتیی سۆڤیەتیش پاراست. چوونکە لەو دەمەدا یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕێگای کۆماری ئازەربایجانەوە سیاسەتی ئەوە بوو کە کۆماری کوردستان تەنیا ناوچەیەکی خودموختار و ئۆتۆنۆمی بێ لەچوارچێوەی کۆماری ئازەربایجانی ئێراندا، بەڵام پێشەوا ئەوەی لە زلهێزێکی جیهانیی قبووڵ نەکرد. کەواتە ئەوە درۆیەکی ڕوونە کە دوژمنان دەیانەوێ کۆمار بەدەسکردی بێگانە بناسێنن. کەسانێک ئەو بوختانە بۆ گەلی کورد هەڵدەبەستن، کەسانێک کۆمار و شۆڕشەکانی کورد بە دەسکردی بێگانە دادەنێن و تەنانەت ئەم حکومەتی کوردستانەش لەو پێناسەیە بەدەر ناکەن، کە خۆیان هەموو مان و بوونیان بە بڕیاری دەرەکی بووە. هەر لە ئێراندا ڕەزا شای پەهلەوی کێ هێنایە سەرکار؟ کێ دەوڵەت و ئەرتەشی بۆ پێکەوەنا؟ مەگەر دەوڵەتی ئینگلستان نەبوو کە کوودەتای بۆ ڕەزاشا ڕێکخست و دەوڵەتی تازەی ئێرانی دامەزراند، مەگەر ڕاوێژکاران و کاربەدەستانی ڕۆژئاوایی هەتا ئاخرین ڕۆژەکانی تەمەنی ڕێژیمی شاهەنشاهی لە ئێراندا هەمەکارە و کاربەدەستی حەیاتیی ئەو دەوڵەتە نەبوون؟ ئەی تورکیە کێ دایمەزراند؟ ئەی مەگەر دەوڵەتی تورکیای کەمالی لە ئاکامی سات و سەودا بە نەتەوەی کوردەوە نەبوو، لە ئاکامی ئەوەدا نەبوو کە حکومەتی مەلیکیی شێخ مەحموود پشتگیریی لێ نەکرێ و هێرش بکرێتە سەری و مافێک کە کۆمەڵەی گەلان بۆ کوردی لە «پەیماننامەی سیڤەر»دا سەلماندبوو، زیندە بەچاڵ بکەن لە نێوان تورکیە و بریتانیادا؟ ئەی دەوڵەتی عێراق کێ دایمەزراند بێجگە لە ئینگلستان؟ ئەی دەوڵەتی سووریە کێ دایمەزراند؟ بانگەشە و تەبلیغاتی دوژمنەکانی کورد بۆ ئەوەیە کورد دەستی بە دۆستی نێودەوڵەتی ڕانەگا، بۆ ئەوەیە حەول نەدەین لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دۆستمان هەبێ و پشتیوان بۆ خۆمان پەیدا بکەین، هەر بۆیە زۆر سەیرە کەسانێک بوختانی بەستراوەیی بۆ نەتەوەی ئێمە هەڵببەستن کە هەموو بوونی خۆیان، سەروەریان، حاکمیەتیان، دەسەڵاتیان، ئەرتەشیان، دەوڵەت وقەوارەیان هەمووی لەلایەن زلهێزەکانەوە دانرابێت.

ئێمە لەگەڵ خوێندنەوەی دیکەش، خوێندنەوەی نادروستی دیکەش لە نێو خودی نەتەوەکەماندا ڕووبەڕووین لەسەر کۆماری کوردستان و زۆرجار زوڵمێ لە کۆمار کراوە کە ئەو جۆرەی کە بووە نەناسێندراوە، بەڵکوو بەپێی مەسڵەحەت و بەرژەوەندیی ڕۆژگار، کۆماری کوردستان باسکراوە و هەڵسەنگێندراوە. لەسەر ناوەڕۆکی کۆمار هەتا ئێستاش بە کۆمار دەگوترێ « کۆماری خودموختار». لە حاڵێکدا کۆمار دەوڵەتێک بوو، ئەگەر هیچ بەڵگەیەک لەبەر دەستدا نەبێ، تەنیا سوێندەکەی جەنابی پێشەوا بەسە ، بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە ئەو قەوارەیە چ بووە. کاتێک کە سوێند دەخوا بە خودا و بە کەلامی عەزیمی خودا کە پارێزەری ئیستقلال و سەربەخۆیی کوردستان بێ، تۆ بڵێی کەسایەتییەکی ژیر و خوێندەواری وەکوو پێشەوا قازی محەممەد، کە دوو سێ هەزار کتێبی ئەو دەم لە کتێبخانەکەیدا هەبووە، نەزانێ نێوان سەربەخۆیی و خودموختاری لێکبکاتەوە؟ بێجگە لەوە ئەو ڕێپۆرتاژانەی کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو دەم لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانیان نووسیوە، سەردێرەکەی ئەوەیە: «جێژنی ئیستقلال و سەربەخۆیی کوردستان». لەوەش بترازێ، چۆن دەکرێ کۆماری کوردستان بە خودموختار ناو ببردرێ لەحاڵێکدا جۆری دەوڵەتەکەشی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی جیابوو؟ لە ناوەند ڕێژیمی پاشایەتی هەبوو، لە کوردستان سیستەمی جمهوری دانرا. لە هیچ کوێی دونیا نە نموونەی وابووە و نە دەشبێتەوە کە لە ناوەند سیستەم پاشایەتی بێ و لە شوێنێکی دیکەی هەر ئەو وڵاتە سیستەم کۆماری بێ. پاشان کۆماری کوردستان قەوارەی دەوڵەتیی ڕێکخستووە. سەرکۆماری هەبووە، کابینەی وەزیرانی هەبووە، ئەرتەشی هەبووە، لەگەڵ دەرەوە سیاسەتی کردوە و پێوەندیی هەبووە، پێوەندیی بازرگانی دامەزراندووە لەگەڵ دەوروبەری. بۆیە ڕەوا نییە دەوڵەتێکی مۆدێرنی کورد بە ناوچەیەکی خودموختار و ئۆتۆنۆمی یان بە قەوارەیەکی خودموختار، نێو ببردرێ.

سنووربەندییەکی دیکەی ئێمە لەگەڵ دۆستانمان لەسەر شکستی کۆمارە. ئەدەبیاتی پاش کۆمار هەتا ئێستاش باس لەوە دەکا کە کۆماری کوردستان لە ئاکامی کەم و کووڕیی نێوخۆیی و شتی لەو بابەتە تێکشکاوە. لەحاڵێکدا ڕاست بەپێچەوانەوە کۆمارێک کە لە ١١ مانگدا توانیبێتی ئەم هەموو پێشکەوتنە نیشان بدا، غەدرێکی گەورەیە کە لە شایستەیی و لێهاتوویی سەرکۆمارەکەی و وشیاریی خەڵکەکەی کەم بکرێتەوە. کۆماری کوردستان لەئاکامی سیاسەتی جیهانی تێکشکا. کۆمار لە ئاکامی سەودای نێوان یەکێتیی سۆڤیەت لەگەڵ ئەمریکا لەلایەک و یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتی ئێران لەلایەکی دیکەوە تێکشکا. دەنا لە ئێراندا کێ شایستەتر لە پێشەوا بوو؛ ڕەزا خانی پەهلەوی؟ ڕەزا خانێک کە نۆکەری ژنەڕاڵ و ئەفسەرەکانی ئەرتەشی ئینگلستان بوو؟. بەڵام کورد پێشەوایەکی حەکیم و زانای هەبوو کە من چەند جارێک لەگەڵ سوقرات موقایسەم کردووە. ئەوە تێکچوونی سیاسەتی نێودەوڵەتی بە زەرەری کورد بوو کە کۆماری ڕووخاند، سەودای نەوتی نێوان سۆڤیەت و دەوڵەتی ئێران بوو کۆماری تێدا کرایە قوربانی، هەرچەند ئێستا ئەگەر باس لە ڕۆژەکانی ڕووخانی کۆمار دەکەین خۆزگە دەخوازین کۆماری کوردستان بیتوانیبایە سیاسەتی بەرەنگاری و مقاوەمەتی بەرانبەر هێرشی ئەرتەشی شاهەنشاهی بگرتبایەتەبەر. ئەزموونی شەڕی قارەمانانەی بارزانییەکان بە فەرماندەیی بارزانیی نەمر دەیسەلمێنێ کە ئەرتەشی شا ئەوەندە پەرپووت بوو کە ئەگەر هێزێکی لێهاتوو لێی وەکار بکەوتبایە دوور نەبوو تەرازووی هێز بە قازانجی کۆمار و کورد بسووڕایە.

خاڵی دیکەی تایبەتمەندیی PAK و سنووربەندیی ئێمە لەسەر درێژەدانە بە کۆمار. کۆمار بە ویستی نەتەوەی ئێمە دامەزرا، بەڵام بە پیلانی نێودەوڵەتی و بەهێرشی دوژمنی داگیرکەر ڕووخێندرا. کەواتە ئەو کۆمارە بە بڕیاری خەڵک هەڵنەوەشاوەتەوە، شەرعیەتی ئەو بڕیارە لەجێی خۆیەتی. هەر ئەوە بوو کە پارتی ئازادیی کوردستان لە یەکەم ساڵەکانی لە دایک بوون و وەسەرپێکەوتنی، سیاسەت و ئامانجەکانی کۆماری گرتەوەبەر و لە یەکەمین کۆنگرەی خۆیدا درووشمی ناوەندیی خۆی و ئامانجی دیاریکراوی خۆی کردە دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان. دیاریکردنی ئەو ئامانجە بۆ هێزە سیاسیەکان و بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ هەموو هێزە سیاسییەکان لەیەک نزیک بکاتەوە و بیانکاتە هاوپەیمانی یەک و هیچ گیروگرفتێک لەسەر ئەوەی کە کورد چ ئامانجێکی هەبێ نەهێڵێت.

هەروەها هەڵکردنەوەی یەکێ لە دیارترین هێماکانی کۆماری کوردستان واتە ئاڵای کوردستان. ئێوە دەبێ بزانن کە ئاڵای کوردستان ١٦ ساڵ لەمەوبەر لە کاتێکدا بەداخەوە نەوەی نوێ ئەو ئاڵایەی نەدەناسی، ئەو ئاڵایە جێگەی باس نەبوو، قسەی لێ نەدەکرا، لەهیچ کوێ نەدەبیندرا، ١٦ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی دروست ئاوادا لە ٢ی ڕێبەنداندا جارێکی دیکە پارتی ئازادیی کوردستان ئەو ئاڵایەی هەڵکردەوە. سیدیی ئەو ڕێوڕەسمە مێژووییە هەیە. هیوادارم یەک بە یەکی ئێوە و ڕۆژێک یەکبەیەکی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بتوانن ئەو ڕێوڕەسمە ببینن و شانازی بکەن بە ڕەچەشکێنیی حیزبەکەیانەوە.

هەروەها پێدانی دەوری سەرۆکایەتی بە کوڕی پێشەوا قازی محەممەد لە PAK دا شتێکی پڕ مانا بوو. شتێکی پڕ مانایە کە پێشەوا لە پێناو ئامانجەکانی نەتەوەیەکدا خەبات بکا و گیان بەخت بکا و دواتر کوڕەکەی ئەو ڕێگایە درێژە بدا.

ئەمانە کۆمەڵێک تایبەتمەندین لە سیاسەت و هەڵوێستی پارتی ئازادیی کوردستاندا بەرانبەر خوێندنەوەی کۆمار و هۆکاری ڕووخانی کۆمار و بەرانبەر درێژەدانی کۆمار و خەبات بۆ دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان. ئێمە لەساڵی ٥٧ هەتاوی واتە ١٩٧٩ زایینیدا کاتێک ڕێژیمی شا ڕووخا دەرفەتێکی گەورەمان لە کیسچوو کە کورد جارێکی دیکە کۆمار دابمەزرێنێتەوە. بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم ئەگەر ئەو دەم تەمەنی تێکۆشەرانی پارتی ئازادیی کوردستان وا بایە و ئەم هێزە لە مەیداندا ببوایە لەو دەرفەتە کەڵکمان وەردەگرت و جارێکی دیکە کۆماری کوردستانمان دادەمەزراندەوە. ئەو بڕیارە لەجێی خۆیەتی و بەڵێن بێ لەنێوان ئێمەدا کە ڕۆژێک لە یەکەمین دەرفەتەکانی ڕزگاریی وڵاتەکەماندا جارێکی دیکە کۆماری کوردستان دابمەزرێنینەوە...

درێژەی وتار لە لاپەڕە ٥